# ئەنجامی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# نتائج عمل المرأة خارج البيت

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# ئەنجامی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بێگومان پاش ئەوەی کە ئافرەتان لە کاری سەرەکی خۆیان لایاندا کە بریتیە لە پەروەردەکردنی مناڵ و نەوەکانی دوارۆژ لەگەڵ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ناوماڵ، ئیتر کۆمەڵگە دووچاری کۆمەڵێك دەرەنجامی خراپ بوو، کە کاریگەری نەگەتیڤی بەجێهێشت لەسەر دەروونی ئافرەتان خۆیان و خێزانیش بەگشتی، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو ئەنجامە خراپانە دەکەین :

**یەکەم** : تەنگەتاو کردنی ڕۆژانەی پیاوان و شانە خرێ کردن لەگەڵیاندا لەناو پاس شوێنی کار وشەقامەکان، ئەمەش بووە هۆی ماندوو بوونێکی زۆری ئافرەتان، و هەندێك جاریش دووچاری مەترسی بوونەوە بەهۆی قەرەباڵەخی ڕێگاوبانەکان وشوێنی کارەکانیانەوە، ئەمەش وای کردووە کە ئافرەتان تایبەت مەندیەتی خۆیان لە ( مێ بوون ) وجوانی و قەشەنگی یان لەدەست بدەن .

**دووەم** : کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ و خێزان وایان لێ دەکات لە کاری سەرەکی خۆیان کە ڕێکخستنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکان و گرنگی دانە بە پیاوەکەی لابدات، هەر ئەمەش وای کردووە کە پیاوان بێ تاقەت بن لە پشتگوێ خستنیان لە لایەن ژنەکانیانەوە، بۆیە ناچار دەبن بە تەڵاق وجیا بوونەوە لێیان، یان ژنهێنان بەسەریاندا .

**سێهەم** : کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی جیابوونەوە ودارمان و ڕوخانی  خێزانەکەی، ولەیەك ترازانی منداڵەکانی بەهۆی پەیوەندیەکانی بە پیاوانەوە لە سەر کارەکەی، وگوێ نەدانی بە بەزاندنی سنورەکانی خوای گەورە، چونکە وەك دەزانین شەیتانی نەفرین لێکراو نەخەوتووە و هەمیشە لە پیلاندانانندایە بۆ بەندەکانی خوا و بە شادەمارەکانی خوێنی مرۆڤدا هاتوو چۆ دەکات .

**چوارەم** : کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێت بەهۆی دوور بوونی لە منداڵەکانی، ئەمەش لەدواجاردا دەبێت بە هۆی ئەوەی منداڵەکان دوور بن لە سۆز و خۆشەویستی وپەروەردەی دایکیان، دووریش لە سۆز وخۆشەویستی دایك لادانی منداڵی بەدوادا دێت، کە پاڵنەریان دەبێت بۆ تاوان کردن وخراپەکاری، وەك دەرەنجامەکانی بە ڕوون وئاشکرا دیارە بەسەر کۆمەڵگەکانی ڕۆژ ئاواوە .

**پێنجەم** : یەکێکی تر لە دەرەنجامە خراپەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ ئەوەیە، دەبێتە هۆی تیاچوونی منداڵان و دوچار بوونیان بە جۆرەها نەخۆشی، دەبینی ئەو ئافرەتە فەرمانبەرە کاتی چوونی بۆ دەوام و سەرکارەکەی هاتووە، و منداڵەکەشی نەخۆشە، و پڕ بە گەروی دەگریە و هاوار دەکات دایە گیان بەجێم مەهێڵە ؟ توبی و خوا من لای کێ بەجێ دەهێڵێت ؟ بە تەنها لەم ماڵەدا دەم دەیتە دەست کێ ؟ بەڵام دایکی ناچارە خێرا بگاتە سەر کارەکەی نەوەك بەڕیوەبەرەکەی یان خاوەن کارەکەی سزای بدات، بەڵێ بەو حاڵەوە منداڵی داماو بەجێ دەهێڵێت و بە دەنگێگی کز هەر هاوار دەکات دایە گیان دایە بەجێم مەهێڵە.

کاتێکیش دایك لە سەر کار دەگەڕێتەوە دەبینێت کە منداڵی بەسەزمان مردووە ولاشەی سارد وسڕ بووەتەوە، دایکی جەرگ سوتاویش تەنها گریە و زاری وپەشیمانی زیاتر هیچی تری لەدەست نایەت، و ئاهی سارد هەڵدەکێشێت و دەڵێت : ئایا

سوودی وەزیفە و کارکردنەکەم لەچیدایە ؟ ئایا ماڵ وسامانێك کە ببێتە هۆی مردنی منداڵەکەم چی سوودێکی هەیە ؟ لە کاتێکدا منداڵ گەورەترین سامانێکە کە خوای گەورە دەیبەخشێت بە مرۆڤ ..

خوای گەورە کۆمەڵگەکەمان لە خراپی و خراپەکاری بپارێزێت .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : کتێبی : تكريم الاسلام للمرأة

نووسینی : محمد جمیل زینۆ